# پەلە بکەن لە کردەوە کردن پێش ئەوەی هەندێک فیتنە زاڵ بێـت بەسەرتاندا کە وەکو شەو تاریکن

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پەلە بکەن لە کردەوە کردن پێش ئەوەی هەندێک فیتنە زاڵ بێـت بەسەرتاندا کە وەکو شەو تاریکن، بەیانی مرۆڤ ئیماندارە ئێوارەکەی کافر دەبێت، وئێوارە ئیماندارە بەیانیەکەی کافر دەبێت، ئاینەکەی دەفرۆشێت بە شتێکی کەم لە شتومەکی دونیا».
[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئامۆژگاری ئیماندار دەکات بۆ پەلە کردن وزۆر ئەنجامدانی کردەوە چاکەکان پێش ئەوەی ڕێگر وسەرقاڵی بێتە پێشی؛ وەکو هاتنی گومان وشەهوەتەکان کە ڕێگر دەبن لە ئەنجامدانیان، وەکو شەو تاریکن، هەق تێکەڵ بە پوچەڵ دەبێت، خەڵکی ناتوانن بە ئاسانی جیاکاری بکەن لەنێوانیان، بەهۆی سەختی ئەم فیتنە وشوبهانە مرۆڤ تووشی سەرلێشێوان دەبێت ؛ تەنانەت وایلێدێت بەیانی ئیماندارە وئێوارە کافرە، وئێوارە ئیماندارە وبەیانی کافرە، واز لە ئاینەکەی دەهێنێت بەرامبەر شتێکی کەم لە شتومەکی دونیای تیاچوو.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3138

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee